**کۆمیتەی بە گڕخستنی هەوڵەکان بۆ دادگاییی کردنی تاوانبار نەزار خەزرەجی**

**بۆ ۆەزارەتی دەرەوەی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپا**

**بابەت\ یاداشت**

بەڕێزان ئێمە سەبارەت بە تاوانبارێتی فەریق ڕوکن نەزار خەزرەجی ، کە سەرۆکی ئەرکانی سوپای ڕژێمی عێراق بوو لەو سەردەمەی شاڵاوی ئەنفال و کیمیابارانی ناوچە کوردییەکان ئەنجام درا دژی خەڵکی مەدەنی و بێ دیفاعی کوردستان و لە ئەنجامدا 182هەزار هاوڵاتی کورد کە زۆربەیان ژن و منداڵ و پیر بوون بە کۆمەڵ کوژران یان بێ سەر شوێن کران و تەنانەت تا هەنوکەش چارەنوسیان دیار نییە ، ئێستا زانیاری و بەڵگەنامە و کاسێتی ڤیدیۆ و چەندین شاهێد کە لەو سەردەمانەدا لە ڕیزی سوپای عێراقدا و بوون و ئێستا لە ئەوروپا و وڵاتانی تردان نەزار خەزرجییان لە کاتی قڕکردنی و پەلامالاری ئەنفالدا بە چاوی خۆیان بینیوە و شاهێدی لە سەر تاوانەکانی دەدەن ،ئەوەی لە بەردەستماندایە دەیسەلمێنێت و ڕونی دەکاتەوە کە نەزار خەزرەجی تاوانبارە و ڕوڵی گەورە و بەرچاوی هەبوە لە نەخشە کێشان و جێ بە جێ کردنی ئۆپراسیۆنی ئەنفال و کیمیابارانی کوردستان و وێنەمان لێ داوەوەتە دەزگا پەیوەندارەکانی وڵاتی دانمارک کە ئێستا سەرقاڵی لێکۆڵینەوەن سەبارەت بە بەشداری کردنی (نەزار خەزرەجی) لەو کۆمەڵ کوژییانەی ئەنجامی دراوە بەرانبەر گەلی کورد ، جگە لەوەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی (میدڵ ئێست وۆچ) لە بڵاوکراوەکانی خۆیدا سەبارەت بە جینۆسايد لە عێراق و شاڵاوی ئەنفال دژی گەلی کورد باسی بەشداری کردنی نەزار خەزرەجی کردووە ،کە ڕۆڵی دیاری هەبووە بەرانبەر بە جینۆسایدی گەلی کورد .

بۆیە داواکارین لە ڕوانگەی بەها بەرزەکانی مرۆڤایەتی و خودی ئەو دروشمانەی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرزی کردۆتەوە و بانگەشی بۆ دەکات تا لە سەرتاسەری جیهان سەقامگیر بێت و پیادە بکرێت ، کە خۆی لە (ئاشتی ، مافی مرۆڤ ، مافی بڕیاردانی چارەنوس ، دیموکراسی ، کۆتایی هێنان بە ڕژێمە دیکتاتۆرییەکان و هتد) دەبینێتەوە ،پشتیوانی و هاوکاری هەوڵ و داوا ڕەواکانمان بکەن سەبارەت بە دادگایی کردن و بە سزا گەیاندنی ئەو تاوانبارانەی بەشداری و ڕۆڵی گەورەیان هەبووە لە ئەنجام دانی تاوانەکانی کیمیابارانی کوردستان و ئۆپراسیۆنی ئەنفال دژی گەلی کورد .

پێمان وایە ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ئێستا لە هەمو کات زیاتر پەرۆش و سەرقاڵی کۆتایی هێنانە بە مەینەتیێکانی خەڵکی عێراق ئەویش ، بە گۆڕینی ڕژێمی دیکتاتۆی لە عێراقدا و دامەزراندنی ئیدارەیەک کە بتوانێت دیموکراسی و ئازادی بۆ گەلانی عێراق مسۆگەر بکات و لەسایەیدا مافی مرۆڤ و مافی کەمینە نەتەوەییەکانی تر پارێزراوبێت هەڵبەت ئەوەش بە کەسێکی وەک نەزار خەزرەجی نایەتە دی ، گۆش کراو و پەروەردەی ژێر دەستی کەسێکی دیکتاتۆری وەک سەدام حوسێن بێت و ، دەستی لە تاوان و کۆمەڵ کوژی گەلی کورد بە تایبەت و خەڵکی باشوری عێراق بە گشتی دا هەبێت .

ئیتر هیواو ئومێدمان پێتان گەورەیە و داواکارین لە سەرنج و ڕای خۆتان ئاگادارمان کەنەوە

وێنەیەک لەم یاداشتە بۆ :-

- پەرلەمانی دانمارک
- وەزارەتی دەرەوەی دانمارک
- سەفارەتی ولایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لە دانمارک

ناوی ئەو ڕێکخراوانەی پشتگیری لەم یاداشتە دەکەن :-